# نوسینێکی بێسەرو بەرە



حاجی ئەنوەر

وا دەست دەکەم بەم نوسینە ، کەنەسەرەتاکەی دەزانم و نە دەشزانم لە کوێدا کۆتایی دێت ، بەڵام بێ ناوەڕۆک و بێ مەبەست نیە ، هیچ شتێکی تایبەتیشم پێنیە کە وەک کەرەستەیەک بەکاری بهێنم بۆ ڕازاندنەوەی بابەتەکەم !! بەڵام بێ ئاگایی و عەوامی نەگبەتی ئێمەی کورد ئەوەندە گەورەیە ، کە نەک ئێستا بەڵکو لەدوایی خوێندنەوەی گێلەپیاوی عەزیزنەسینەوە  خۆزگە دەخوازم مرۆڤێکی وەک ئەومان تیاهەڵکەوتایە ، زۆرجاریش بەغیلیم بەو بەهرەگەورەیەی عەزیزنەسینی بردوەو تائێستاش بەغیلی پێدەبەم . چونکە پێموایە ئەو شێوە نوسینە کاریگەری زیاترە لەو شێوەیەی کە تائێستاش پیادە دەکرێت . خۆئەگەر حەزرەتی شێخ ڕەزا ئێستا لەناومان بوایەو لە دەستی تیرۆر دووربوایە لەو بڕوایەدام ئەو کەلێنەی پڕبکردایەتەوە و ئاوێکی ساردیشی بەدەستە پیرۆزەکانی دەکرد بە دڵ و دەرونی کڵپەسەندوی هەزاران هەزاری وەک من . با لەگەڵ تۆی بەڕێزدا مشاوەرەیەک بکەم ، دەزانی بۆ پێت دەڵێم بەڕێز ؟ چونکە هەست دەکەم تۆش عەودالی بەدوایی فێربووندا تالەو ڕێگایەوە راستیەکان بناسیت و لانی کەم هەریەکەمان دەوروبەرەکامانی لێ ئاگادار بکەین ، جگەلەوەش هەستیش دەکەم کە نەبوویتەمایەی ئازارو ئەشکەنجە بۆ خەڵکی هەژارو مرۆڤێکی بەبەزیشیت .  دەمەوێت پرسیارێکت لێبکەم کە خۆمی جەنجاڵ کردوەو خۆزگە بەووردی بیرت لێدەکردەوە ، لەبیرت دێت سالآنی پێش ڕاپەڕین مرۆڤی کورد خاوەنی چ هێزێکی گەورەو چ بەرەنگاربوونەوەیەکی گەورەی دەکرد ؟ بیرت دێت بەعس بەو هەموو توانا ئابوری و سەربازی و ڕاگەیاندنیەوە ، لەگەڵ ئەوەی هەرچی نەکرابوو لەدنیادا بەرامبەر کورد کردی ، کەچی کورد هەرملی نەداو بەردەوامی بە بەرەنگار بوونەوە دەدا و هەر کە سەدام جارێکی تر بێ ئەقڵی کردەوە دەم و دەست سودیان لێوەرگرت و ڕاپەرینیان بەرپاکرد بە قەولی مەسعود بەرزانی ( ئەوەی بە 70 ساڵ نەکرا میللەت بە 7 ڕۆژ کردی ) ، دەتوانیت پاش بیرکردنەوەیەکی بەکەماڵی ئیستراحەت پێم بڵێت چی وای لەو میللەتە سرک و چاونەترسە کرد ئێستاکە وەک مەڕومالآت بۆ کوێیان بوێت پێش خۆیانی ئەدەن  ؟  چۆن ئەو هەموو کارەساتەیان لە بیری میللەت بردەوە لە شەڕو برسێتی و خیانەت و دزی و دیاردەی ناشیرینی نا مرۆڤانە ، کەچی لە شەو ڕۆژێکدا میللەت وەک کەڕو کوێرو لاڵ بێت ڕەدووی ئاقڵی ئەوان کەوت و بەرەو سندوقی دەنگدان بۆ دروست کردنەوەی عێراقی خوێن و تاوانیان بەڕێخستن بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان کە هەندێکیان موستەشارو فایلدارو قاچاغچین ؟. بۆ زاخاوی مێشکیشت بەسەرهاتێکت بۆ دەگێرمەوە برادەرێکم هەبوو زۆرجار باسی براکەی خۆی بەخراپ دەکردو دەیوت خوێڕیە بووە بە بەعسی ، منیش باوەڕم نەدەکرد تا جارێکیان بە درێژی بۆی گێڕامەوە ووتی ( هەواڵم بۆ ناردوە کە بێتە دەرەوەو ببێتە پێشمەرگە ، چونکە خوێندنیش تەواو بکات بۆ کوێ دەچێت دەیبەن بۆ عسکری و دەکوژرێت ، لە وەڵامدا وتویەتی چۆن کەرێتی وا دەکەم و موستەقبەلی خۆم دەفەوتێنم ، چوشەتە مونەزەمەی بەعس و پێی وتوون من مواتنێکی سالحم و هیچ بەرپرس نیم لەوەی براگەورەکەم موخەڕیبە ، مونەزەمەش سوپاسیان کردوەو پاداشتیشیان کردوە ) کەچی ئەو ڕۆژە ئەو خوێڕیە ( بەقەولی براکەی ) م بینی لە تەلەفزیوندا بەرپرسەو لە پێشەوە دادەنیشێت نازانم هاوڕایی لەگەڵمدا کە دەڵێن دنیایی ئەم ڕۆ دنیایی زۆڵ و حەرامزادەکانە ؟ .

**07,06.2005**